# ئەوپەڕی گومان

**بەرزان هەستیار**
**ئابی**2006
**کۆڵن**
bhastiar@yahoo.de

**گۆڕستانێکم بە قاقای پێکەنین هەراسان کردووە**
**عەشاماتێکیش بە مەرگی خۆم ، نیگەران ؛**
**دایکم بە دوو چاوی کزەوە**
**بە زەحمەت گۆڕەکەم ئەدۆزێتەوە و**
**بەدەم شین و واوەیلاوە.....**
**لە خودا ئەپاڕێتەوە لە گوناهەکانم خۆش بێت ؛**
**من هەر قا..قا  پێ ئەکەنم ،**
**ژنەکەم دێت ، دەستی" زەنوێر "ی گرتووە و**
**ئەڵێت ، کورم تۆ دڵت لە پەموو سپی ترە و دوعات گیرایە**
**نزایەك بۆ بابە بکە ، یا خودا**
**بیبەخشێت بە میهرەبانیی خۆی ؛**
**من قاقای پێکەنینەکەم ئەگاتە ئەو سەری گۆڕستانەکە ؛**
**خوشکەکانم لە دووری گۆڕەکەمەوە**
**بە دەم  خۆ ڕنینەوە دێن و**
**خۆیان ئەدەن بەسەر گڵ و خۆڵی مەزارەکەمدا و**
**بە دەم قوڵپی گریانەوە بە خودا ئەڵێن**
**براکەمان  عەبدی خۆت بوو**
**دەرگای ڕەحمەتی لێ پێوە مەدە ؛**
**من ، مردووی سەد ساڵە بە پرمەی پێکەنینم**
**لە خەو بە ئاگا دێنمەوە ؛**
**براکانم هێمنتر دەر ئەکەون و بە غەمگینیی**
**فاتیحایەك دائەدەن و**
**بە خودا ئەڵێن لێم خۆش بێت ؛**
**وەك تازەترین نوکتەیان بۆ گێڕا بمەوە**
**من ئەوەندە پێ ئەکەنم ....**

هاوڕێ مردووەکانم بە شێتم تێ ئەگەن ؛

برادەرە ئازیزەکانم دێن ،

هاوڕێکانمممممممممممممممممممم ،

ئەو هاوڕێیانەی بە دزییەوە .....

حەزمان لە خۆشەویستەکانی یەکتر ئەکرد ،

ئەو برادەرانەی شەوانە بە هەمووومان مەزەیەکمان بانگ ئەکرد و

بە مەستیی تێر تێر ئەگریاین ،

ڕۆژانەش پێکەوە خەریکی دزینی ئەو کتێبانە بووین

کە فێری کلۆلیی و نەهامەتییان ئەکردین ،

دێن و سەرخۆشیی لە کەس وکار و ژنەکەم ئەکەن و

دەست دێنن بەسەر کوڕەکەمدا و پێی ئەڵێن

بابە ، ئێستاکە وا لە بەهەشتە

تۆ ئاقڵیت و جێگەی ئەو ئەگریتەوە ،

تۆ ئازایت و پێشی ئەویش ئەدەیتەوە ،

من ئەوەندە بە کوڵ پێ ئەکەنم ....

وەختە لە مەملەکەتی مردووەکانم وەدەر نێن ،

دێن ، دێن ، دێن ،

ئەوەی ڕۆژێك چایەکم بۆ کڕیبێت و جگەرەیەکم دابێتێ ،

ئەوەی جارێك پیاسەیەکی لەگەڵ کردبم و

نیوەڕۆیەك سەموونێکی وشکی بۆ کڕییم

دێت و دووعای ئەوەم بۆ ئەکات

لە عەزابی جەهەننەم دوور بم ؛

منیش لە پێکەنینا ئەتاسێم ،

بەو جنێوە تەڕانە ئەتریقێمەوە

کە ئەو هەموو ئازیزانەم ،

ئاوڕشێنی گڵکۆ وشکەکەمیان پێ کرد ،

ئێی گەلی برادەر و خزمینە

خەتاتان کرد ، نوقمی ئەو هەموو گوناهەتان کردم

بە نابەڵەدیی خۆتان ...

لە قوڕی تاوانتان هەڵکێشام

من چیم کردبوو ، چی ،

وا خوداتان لێ ختمە گومانەوە ؟!!!!!